# به یادی تۆوە

## 2010/5/29 – 1934/9/23

# کاک حەمەدەمین سیراجی



یەکەمجار ساڵی 1974 بوو ، ناوبانگی تێکۆشەر حەمەدەمین سیراجیم بیست . ئەو کاتەی پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی و بە پارە و هاوکاری ئەمریکا و ئێران و ئیسرائیل [شەرێکی دۆڕاوی] لە دژی عێراق ڕاگەیاند . یەکێتی سۆڤیەتی ئەو کاتەو وڵاتانی سۆسیالیستی جاران پێیان خۆش نەبوو شەڕ لە دژی ڕژێمی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر[احمد حسن البکر] بکرێت و کورد هاوکاری و پشتیوانی لە ئیمپریالیزم و نۆکەرانی وەربگرێت. بریماکۆڤ وەکو نوێنەری سۆڤیەت چووە لای بارزانی و ترسناکی تیکشکانی بزووتنەوەکی بۆ باسکرد ، بەڵام چونکە ئەوە خواستی شای ئیران و ئیسرائیل و ئەمریکا بوو مەلا مستەفا کەوتە ئەو چاڵەوە و شەڕی ڕاگەیاند و پاشان کە ئەو هاوکاری یە ڕاگیرا و لە جەزائیری پایەتەخت شاوسەدام حسین و هەواری بومیدین ریک کەوتن لەسەر ئاوی کەنداو و دورگەکان ، شای ئیران دەست کەوتی خۆی بەدەست کەوت و پشتی لە مەلامستافاکرد و ئەمریکاش رووی خۆی وەرگیرا ، مەلا مستەفا لە جیاتی ئەوەی بەردەوام بێت خەڵکی چەک کردوو لە ئەمریکاش بە نەخۆشی سەری نایەوە ، نووسین دەربارەی ئەو شەڕە و ئاشبەتاڵی ساڵی 1975 گەلێک نووسراوە و باسی لێوەکراوە . هەتا [قیادەی موەقەتەش] لە ڕاپۆرتی خۆی کە بەناوی {{پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی کاتی ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول و بەرنامەی نوێ ی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەلایەن کۆنفرانسی پارتی یەوە لە 11 ـ 15 ی ئاب 1976 پەسند کراوە }} بڵاوکراوەتەوە وەکو نامیلکەیەکی 103 لاپەڕەیی کە لەلای من هەیە رەخنەی لەو شەڕکردنە گرتووە و بگرە رەخنەی لە خودی بارزانیش گرتووە لە لاپەڕە 28 ی ئەو نامیلکەیە نووسراوە {بارزانیش هەروەکو هەموو مرۆڤێکی تر کوڕی نەوەکەی خۆیەتی و زۆر سروشتیشە کە مرۆڤ لە شەست هەفتا سالیدا خۆی جارێکی تر بەلای نوێ کردنەوەدا نابات ، بە

تایبەتی کە هەستی خێڵەکی(عەشائری) کاری تێ کردبێت ، ئەمەش لە هیچ کاتێکدا بارزانی بۆخۆی پاکانەی لەم هەستە نەکردووە .}. تا ئەو ڕۆژەی لێژنەی کوتەکی یەکیتی قوتابیانی کوردستانی پارتی ڕاوی قوتابیانی شیوعی دەکرد و ئازاری دەدان ، ئەو دەستکەوتەیان لە بەیانی 11 ئاداری 1970 وە وەرگرتبوو . ئێمەی ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی گشتی عێراق چالاکیمان لە کوردستان فراوان بوو ، لە هەمانکاتیشدا لەلایەن کۆنە پارتی یەکان کە نەچوونە شاخ ، یا ئەوانەی گەڕانەوە باوەشی بەعس ، یەکێتی قوتابیانی کوردستان سەر بە بەعسی عارەبی یان ڕاگەیاند و وورده وورده لە دژی ئێمە ، قوتابی کوردیان بۆ بەعسی بوون کۆدەکردەوە. هەندێک لە کادیر و کۆنە پێشمەرگەکانی پارتی و ئەندامانی یەکێتی قوتابیان بوونە پیاوی ڕژێمی بەعسی وەل بوو و هەندیکیان فەوجی جاشیان دروست کرد لە دژی کورد . ئێمە لە زۆربەی قوتابخانەکان بە ئاشکرا بەیانی یەکێتی قوتابیانمان خوێندەوە و شۆڕشی چەکداریمان بە کارێکی خۆکوژی بۆ میللەتی کورد لە قەڵەم دا. لە قوتابخانەی دواناوەندی سەیداوە بەیانی یەکێتی گشتی قوتابیانم خوێندەوە . یەکێتی قوتابیانی گشتی سەر بە حزبی شیوعی عێراق بوو ، چالاکی یەکانی گەلێک فراوان بوو بە تایبەت لە دانشگا و ئامادەیی و دواناوەندی یەکان . هەر بۆیە زوو حزبی بەعس بڕیاری دا هەموو یەکێتی یەکان [کرێکاران و جوتیاران و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایان و پارێزەران وقەدەغەکردنی کاری حزبی لەناو سەربازان و...هتد ]هەڵبوەشێنیتەوە و تاقە یەکێتی یەکان سەر بە حزبی بەعس ریگای پێدرا کاربکەن. ئەوە خاڵێکی ڕێکەوتنی دوژای بەرەی نیشتمانی بوو کە حزبی شیوعی و بەعس ئیمزایان لەسەر کردبوو . ئێمە فێڵەکی ترمان دۆزیەوە و بەناوی یەکێتی قوتابیان یەکسەرە قوتابیمان بۆ حزبی شیوعی ڕادەکێشا و پاش مۆڵەتی شەش مانگ هەتا نۆمانگ بڕینی پلەی دۆستایەتی و پاڵێوراوی یەکسەرە کارتی ئەندام بوونمان پێ دەبەخشین . نابێت ئەوەش لەبیربکرێت کە ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی گشتی لە شاری هەولێر لە دژی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی قوتابیان بوون {لە کۆبونەوەکی فرەوان دژی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی قوتابیانی گشتی بەستراو هەندێک ماستاوچی لەگەڵ بڕیاری هەڵوەشاندنەوە بوون و زۆرینەی بەشداربووان دژی بڕیاری هەڵوەشاندنەوە بوون} بەلاَم سەرکردایەتی حزب گوێ پێ نەداین و ناچاریان کردین ملکەچی ئەو بڕیارە خۆکوژی یەی حزب بین کە بەداخەوە لە ئەنجامدا زیانەکی گەورەی لە حزب دا و [بەرەی] حزبی شیوعی و حزبی بەعس گەورەترین سیاسەتی فەشەل و خۆکوژی بوو کە سەرکردایەتی حزب لەوکاتەدا بڕیاری دا و بووە داردەستی حزبی بەعس و لەپێناوی چەند دەستکەوتێکی کەم حزبی شیوعی دووچاری شکستیەکی گەورە کرد ، ئەو کاتە حزبی شیوعی وەکو ئۆپۆزیسیۆن کاری لە دژی سیاسەتی چەوتی بەعس بکردبایە رەنگە بەشی زۆربەی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی و عێراق بە گشتی دەبوونە لایەنگری حزب و لە دەنگدان دا یا رەنگە لە ئینقلاب دا زۆرترین دەنگی خەڵکی بۆخۆی دەهێنا. ئەوەش دەبێ بگوترێت حزبی شیوعی جاشایەتی بۆ بەعس نەکرد بەڵکو چەکی هەڵگرت لەدژی بزوتنەوەی بارزانی بۆ پارێزگاری خۆی ، زۆر جاران بەعس وای دەکرد حزبی شیوعی خۆی تیکەڵاوی ئەو شەڕە بکات و ببێتە چاوساغی لەشکری فاشی بەعس بەلاَم زۆرجاران حزبی شیوعی خۆی دەپاراست و ئەگەرچی هەر چەک هەڵگرتن کارێکی خراب بوو بۆ حزبی شیوعی و گەلێک گرانیش کەوت لە سیاسەتی حزب . لە کۆنگرەی چوارەمی حزبدا [10 هەتا 15 تشرینی دووەمی 1985 ] کە لە کوردستان بەسترا ، بە تێروتەسەلی باسی ئەو شکستیانە کرا و رەخنە لەو سیاسەتە گیراو سەرکردایەتی تازەش هەڵبژێردران و ئەوانەی پاڵپشتی بەرەی نیشتمانی بوون دەنگیان لە کۆنگرە کز بوو . ئەو کاتەی من لەبەر چالاکی و زیرەکی و هینانە ریزی قوتابی یەکی زۆر بۆ ریزی یەکێتی قوتابیان و حیزب و لەسەر شانۆش بۆیەکەم جار و دواجار وەکو ئەکتەرێکی گەنج ڕۆڵم بینیبوو ، جار جارەش

شیعرم دەخوێندەوە ، لەلایەن حزبی شیوعی عێراق ڕێکخراوی هەولێر خەڵات کرام بە دوو کتاب و مەدالیایەکی لینین لەلایەن هاوڕێ ی سەرپەرشتیکارمان عەبدولوەهاب ئەو دیاریانەم پێشەکەش کرا ، هاوڕێ عەبدولوەهاب ئەو کاتە ، قوتابی ئامۆژگای مامۆستایان بوو . ئەو دوو نامیلکەیە یەکیان مانڤیستی کۆمۆنیستی وەرگێری [م.آ.ڕەوەند] واتە کاک [حەمەدەمین سیراجی] و ئەوەی تریان قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ وەرگێری [جەلال دەباغ] بوو . پاش ئەوەی خولی پەروەردە





به خاك سپاردنی تێكۆشەر حەمەدەمین سیراجی ریکەوتی 2010/6/11




گۆڤاری ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم

کردنی کادیرانی قوتابیان لە هەولێر کرایەوە و منیش یەکێک لەو قوتابیانە بووم کە بەشداریم دەکرد ئا لەوێ زانیم کە م.ا.ڕەوەند تێکۆشەر حەمەدەمین سیراجی ئەندامی سەرکردایەتی [حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران]ە و لە بەغدا کاری حزبی دەکات . هەر ئەوکاتە بۆیان ڕوونکردمەوە کە تێکۆشەران غەنی بلووریان و حەسەنی قزلجی و کەریمی حیسامی و حەمەدەمین سیراجی و سەعید کوێستانی و مەلامحەمەدی خدری و جەلیل گادانی و حەسەنی ڕاستگار و هێمن مەهابادی و هەندەکی تر ئەوانە هێڵی چەپن یا [مارکسی لینینی]ین لەناو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پەیوەندی یان بە حزبمانەوە گەلێک بەهێزە . لە ئەدەبیاتی حزبدا باسی ئازادکردنی غەنی بلوریان و عەزیز یوسف مان دەکرد . تێکۆشەر کاک حەمەدەمین سیراجی کە لە ئێران لەدەست ڕژێمی شای گۆڕبەگۆڕ ڕایکردووە و هاتۆتە کوردستانی عێراق ، حزبی شیوعی عێراق یارمەتی داوە و دەفتەرنفوسی بۆ دەرکردووە بۆ ئەوەی بە ئازادی هاتوچۆبکات و لەشاری سلێمانی هاوڕێ یانی حزبی شیوعی عێراق یارمەتیان داوە و ماڵی حزبیان بۆ دەستنیشان کردووە . کاک حەمەدەمین سیراجی ئەگەر بیرەوەری یەکانی بنووسیبایەوەو لە چاپی بدابایە ڕەنگە باسی ئەوەی دەکرد کە حزبی شیوعی بووە هۆی هاوسەرگیری لەگەڵ ڕوناک خان دایکی مژدەوگۆران . دیسان کە لە هەشتاکان جارەکی تر ڕژێمی خومەینی کۆنەپەرست کاک حەمەدەمین و هاوڕێ یەکانی ڕاو ناوە ، حزبی شیوعی بارەگای هەبوو ، لە ناوچەی {{نۆکان و توژەڵە و زەڵێ(#)}}کە لە سنوور نزیک بوون ، یارمەتیان داوە و هەتا گەیاندیانە سوریا و پاشان پراگ و پاشان سوید . لە سوریا لەگەڵ هاوڕێ یان جەلال دەباغ و مامۆستا دڵزار و ڕەفیق سابیر و پەخشان زەنگەنە و محمود خدر[مامۆستاگۆران] و ئەستێرە و مامۆستا رزگار [گۆڤاری ئاشتی و سوسیالیزم] یان دەرکردوە و پاشان لە پراگ بووە بە نوێنەری حزبی تودە لە [گۆڤاری ئاشتی وسوسیالیزم] . لە پراگ یەکەم جار بە هەردوو تێکۆشەران مامەغەنی بلوریان و کاک حەمەدەمین سیراجی ئاشنابووم .ئەو کاتە کاک حەمەدەمین و مامەغەنی لە پراگ یەکەم جار میوانی حزب

بوون لە میوانخانەی حزب و پاش گیرانی سەرکردایەتی تودە لە تاران ، تێکۆشەر عەلی خاوەری بووە سکرتێری حزب مامە غەنی بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کاک حەمەدەمین سیراجیش بووە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی حزبی تودەی ئێران ، بەناوی [مەحموود ئازاد] دەبێتە نوێنەری حیزبی تودەی ئێران لە گۆڤاری مەسەلەکانی ئاشتی و سوسیالیزم لە پراگ . هەر لە پراگ لەبەر زیرەکی کاک حەمەدەمین هاوکاری هاورێیانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا مەرکەزی پراگ دەکات . حزبی شیوعی عێراق کە بڕیاری دا شەڕی چەکداری لەدژی حزبی بەعسی وەل بوو بکات ، ساڵی 1979 هاورێ یان بنکەی پێشمەرگایەتیان کردەوە کەسانێکی وەکو مەلامحەمەدی جوانرۆ و حوسێن مەرجان چوونە ڕیزی حزبی دیموکرات و شانبەشانی حزبی دیموکرات لەدژی ڕژێمی خومێنی شەڕی چەکداریان کرد و هەردوو ئەو تێکۆشەرانەش بریندار بوون و هەتا ئەمڕۆکە بەو برینانە دەژین . پەیوەندی یەکانی هەردوو حیزب لە چیاش هەر بەردەوام بوو ، گەلێک جار هەردوو سەرکردایەتی پێکەوە هاوکاری یەکتریان دەکرد . کاک حەمەدەمین سیراجی لەگەڵ هەندێک لە هاورێ یانی دەست لە حزبی دیموکراتی قاسملۆ و مەلا عەولای حەیاکی دەکێشیتەوە و لایەنگەرانی کۆنگرەی چوارەمی حزبی دیموکراتی کوردستان رادەگەین و پاشان دەچنە ریزی حزبی تودەی ئێران و دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی . هەر بەناوی م.ا.رەوەند هەندێک بابەتی وەرگێراوە و لە گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزم بلاوکردۆتەوە . بەڵام بەداخەوە یاداشتەکانی تۆمارنەکردوو بلاوی نەکردەوە بۆ ئەوەی لاوانی کورد پێی ئاشنا بێت و گەلێک نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و تودەی لەگەڵ خۆی بردە ژێر گڵ . لەوکاتەی ماڵئاوایی کرد توانیم بۆدواجار نێوچەوانی ماچ بکەم و ئەو ئاخ وئۆفەش هەڵکێشم کە بەداخەوە ئەو هەموو نهێنی و زانیاری یانەی لەگەڵ خۆی بردە جیهانێکی تر و خەڵکی کوردستانی بێبەش کرد دەربارەی خەباتی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حزبی تودەی ئێران . تاقە وەڵامم بۆ ئەوەی کە بۆچی کاک حەمەدەمین بیرەوەری یەکانی هەتا مابوو بلاونەکردەوە ئەوەیە کە کاک حەمەدەمین لەوباوەڕە نەبووە کەوا زوو ماڵئاوایی لەگەلی کورد دەکات بۆیە بیرەوەری یەکانی بلاونەکردەوە ، ئەگەرنا کاک حەمەدەمین خوێندەوارێکی چاک و نووسەرێکی بە ئەزموون بووە بۆ ئەوەی ئەو کارەی ئەنجام بدات و سویدیش بۆ ئەو شوێنێکی هێمن و حەسانەوە بووە بۆ ئەوەی بە ئاسودەیی بینووسیبایەوە و بلاوی بکردبایەوە هەروەکو چۆن هەندێک لە تێکۆشەرانی کوردی ئێران ، لە سوێد فێرە نووسین بوون و بیرەوەری و شتی سیاسی دەنووسنەوە و بلاودەکەنەوە کە پێشوو هیچ ئەزموونی نووسین یان نەبووە . ئەو زانیارانەش بەکەلک دەبێت بۆ ئەوەی مێژووی سیاسی کورد لەوبەشەی کوردستان بۆ خەڵکی ئاشکرا بێت . نووسینەوەی بیرەوەری مرۆڤی سیاسی هەردەبیت خودی مرۆڤەکە داییڕیژی و بینووسێتەوە یەکێکی تر یا هاورێ یەکی تر لەجیاتی ئەو یا بە زمانی ئەو حیکایەتان بگێریتەوە ئەو راستی یە و تامەی نامینێت کە خودی کەسەکە پیی هەڵدەستێت . هەر بۆ نموونە ئەگەر کاک حەمەدەمین لە مەراسیمی پرسەکەی خۆی دابنیشتبایە ، یەکسەرە ئەوەی بە مێشکی خەڵکی دادەدا کەچەند حزبی شیوعی لا بە نرخە و چەندیش هاوکاری کردووە و یارمەتی پێدراوە ، کە بەداخەوە لەوێ نازانم بۆ ئەو لایەنە فەرامۆش کرابوو . کەریمی حیسامی و حەسەنی قزلجی و حەمەدەمینی سیراجی و غەنی بلوریان شانازی بەو دۆستایەتی خۆیان لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق دەکەن و بەتایبەتیش دۆستایەتی بەهێزیان لەگەڵ بەرێز کاک عەزیز محەمەد سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی عێراق کە بۆخۆم گەلێک لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو دۆستایەتیم و لەگەلێک دانیشتنی هاوبەشی ئەو بەرێزانەش بەشداریم کردووە. رەنگە ئەو تێکۆشەرانە بۆیە زیاتر دژی ئەو پەیوەندی یەش بوون کە حزبی دیموکرات و حزبی بەعسی سەدام هەیان بووە ئەوانە بەئاشکرا دژی سەرکردایەتی قاسملۆ و مەلاعەولای حەیاکی

راوەستان و پاش کۆنگرەی چوار دەستیان کێشاوە و بەناوی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار دەستیان بە کار کرد و پاشان چوونە ریزی حزبی تودە و پاشانیش کە زانیان سیاسەتی حزبی تودە بریتی کورد سارێژ ناکات بەدەستەیەکی کۆمەڵی دەستیان کشاندەوە و وازیان لە حزبی تودە هێنا. کاک کەریمی حسامی رۆژنامەی سەردەمی نوێ دەرکرد و یازدە بەرگی بیرەوەری یەکانی بڵاوکردەوە کە زیاتر زانیاری دەربارەی مێژووی حزبی دیموکرات و بزووتنەوەکانی کوردستانی ئێرانی تێدایە و گەلێک نامەی ئەو بەرێزانەشی بڵاوکردۆتەوە . پەیرەوانی کۆنگرەی چوار راگەیاندنیکیان بڵاوکردەوە . سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئەو بڵاوکراوەیە 28 لاپەڕەیە کە رۆژی 25 جۆزەردانی 1359 [1980] لەلایەن فەوزیە قازی و هێمنی شاعیر و غەنی بلووریان و رەحیمی قازی و فاروقی کەیخوسرەوی و نەویدی موعینی و ئەحمەدی عەزیزی ئیمزاکراوە و بڵاوکرایەوە . هەردوو بەرێزان کاک حەمەدەمینی سیراجی و فاروقی کەیخوسرەوی دەورێکی سەرەکیان بینیووە بۆ هێنانی مامەغەنی بۆ ریزی پەیرەوانی کۆنگرەی چوارەم . کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکرات رۆژی 1558/11/30 [1980/2/19] سەعاتی 3ی دوای نیوەڕۆ کرایەوە و 310 کەس بەشداربوون وەک نوێنەر و خاوەن دەنگ . لەو کۆنگرەیە قسەکەی کاک حەمەدەمین ناوبانگی دەرکرد کە خوزیا لەجیاتی ئەو هەموو ئەندامەی حیزب 300 کادیری تێگەیشتوو و لێهاتووی هەبوایە . کاک سەعیدکاوە کوێستانی(#) لە بیرەوەری یەکانی باسی کردووە کە {{کۆنگرەی چوار بیری چەپ بەتەواوی خۆی دەنواند و بۆیە کە دکتور شەتەوی خوارزای قاسملۆ دژی سۆڤیەت قسەی کرد لێیان لە هەڵادا}} . لە 1990/3/30 غەنی بلووریان و حەمەدەمین سیراجی بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و رادەگەینن کە ئیتر پەیوەندی یان لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران نی یە . کۆمەڵێک لە کوردەکانی هاورێ یان بە دەستە گشتی پەیوەندی یان لەگەڵ حزبی تودەی پچراند. دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە 1359/3/28 دەربارەی پەیرەوانی کۆنگرەی چوارەم بڵاوکراوەیەکی بڵاوکردەوە تێدا لە کۆتایی نووسیوویانە {بێگومان پاک بوونەوەی حیزب لەو خائینانە دەبێتە هۆی بە هێزی و پتەوبوونی ریزەکانی حیزب . هەروەها دەربرینی ئەم نوکتەیەش بە پێویست دەزانین کە ئەگەر ئەم دەستەیە بە رەسمی بچنەوە نێو حیزبی خۆیان ، واتە حیزبی تودەی ئێران و لە نێو ئەو حیزبەدا تێکۆشانی سیاسی خۆیان درێژە پێبدەن ، لە روانگەی حیزبی ئێمەوە ،هیچ گیرو گرفتێکی نیە. بەڵام ئەگەر بخوازن لە ناوی خۆشەویستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەلکی خەراپ وەرگرن ، حیزبی ئێمە و کۆمەڵانی خەڵکی ، لەم خەیانەتە خۆش نابن و خەیانەتکاران بە توندی سزادەدەین ...لاپەرەی 173 گەشتێک بە نێو بیرەوەرییەکاندا کەریمی حیسامی 1997 ستۆکهۆڵم}. ئاخۆ هەنووکە بەرێزان مستەفای هیجری و عەبدوڵڵا حەیاکی کە ئەو کاتە ئەندامی ئەو حیزبە دیموکراتی یە بوون کە ئەو بڵاوکراوەیان دەرکرد و ئەو خەڵکانەیان بە خائین لە قەڵەم داوە چونکە کەلکیان لەناوی خۆشەویستی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەرگرتووە، کامیان خائینن و کامیان کەلکیان لەناوی حیزب وەردەگرن خۆ هەردووکیان ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لەخۆیان ناوە و ئەوە چەندەمین جاریشە پێکەوە لەو حزبە ناگونجین و هەندیکیان لێک دابڕاون و گەڕاونەتەوە . ئایا ئەوە هەر لەبەر پەیڕەویکردنی سیاسەتی حزبی تودە بوو کە ئەوکاتە دژی پەیوەندی گرتن بوو لەگەڵ رژیمی بەعسی فاشی یا خۆشەویستی بۆ ناوی حزبەکە بوو ، ئەی باشە بۆ ئەوانە خۆیان ساغ ناکەنەوە کامیان ئەو حزبەن کە رێبازی تەواوی حزبی دیموکرات پیادە دەکات خۆ ناکریت هەردووکیان راست بن و هەردووکیان میراتگەری حزبی دیموکراتی کوردستان بن . ئەی ئەو [تێکۆشەرە خائینانە] بۆ دەست پێناکەن راپۆرتێکی تەواو دەربارەی ئەو سیاسەتە بڵاوبکەنەوە کە بزانن کوڕی کوردی بۆ لەت دەکەن و لە کوێیە چۆن بۆایان دەکرێت تاران بروخێنن ، دیارە نابێت

هەنووکە ووشەی خائین لە ئەدەبیاتی حیزب بمینیتەوە و ئیتر مۆر بە خەڵکی دابدەن ئەگەر بێت و لەگەر بیروباوەڕی ئەو دوو سەرکرادیەتی یە نەگونجا . کەسانێکی شارەزای ئەو سەردەمە بە ئینساف و بە زانستیانە پەیوەندی یەکانی حزبی دیموکرات و قاسملۆ و حیزبی تودەی شێ نەکردۆتەوە ئەوەی دەربارەی نووسرابێت هەر ئەو بیرەوەری یانە بوون کە هەتا چەند کەسەکە باوەری بە سیاسەتی حیزبی دیموکرات و حیزبی تودە هەبووە و بەس ، یا باسی ئەو ریبازە ناکات کە ئەوکاتە سیاسەتی حیزبە سۆسیال دیموکراتەکان بە سیاسەتی ملکەچی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و رۆژئاوا لەدژی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی سوسیالیستی دەناسرا کە دکتۆر قاسملۆی شەهید خۆی خستە باوەشیان و بە شانازی بەشداری چالاکیەکانی دەکرد و لە ئەدەبیاتی حزبیشی دا باسی لیوەدەکرا ، پاشان هەردژی ئەو سیاسەتە نامیلکەی کورتە باسی هێنایە ناو حزبی دیموکرات . ئەو سیاسەتە لەلایەن هەموو حزبە کۆمونیستی یەکانی جیهان مەرفوز بوو. ئەوەی خۆی لەوبەرەیە دابنابایە بە پیاوی [سی . ئای . ئەی] و رۆژئاوا لە قەڵەم دەدرا . ئەو ئەوکاتە بوو کە ئەو کوردانەی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم بە پێشکەوتووخوازی ناو حیزبی دیموکرات دەناسران و ئەوانەی تر بە کۆنەپەرست و سەر بە رژێمی فاشی بەغدا . هەر بۆ نموونە شیخ عزالدین حوسینی لەبەر هاتووچۆکردنی بۆ بەغدا ئامادەنەبوو لە دژی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە یەک ووشە بدرکێنی و سکوتی هەڵبژارد ، بۆ خەڵکانی هەڵەبجە و کوردەکانی تر دەبێت ناوی چی لەو پیاوە ئاینی یە بنریت . لە کاتێکدا لە دنیادا دژی بۆردمانی هەڵەبجە و کوشتاری بە کۆمەڵ خەڵکی دەهاتنە سەرشەقام . بەهەمان شێوەش جەلال تاڵەبانی ریسواکرا کاتێک تێرۆڕکردنی قاسملۆی خستە سەر رژێمی عێراق و ئاوێکی پاکی بە ئیران داکرد . ئەوەش بۆ کوردەکان بووە قوبووڵ نەکردن و هەتا ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی هەبوو شەرم دایدەگرت لەو ڕاگەیاندنەی سکرتێرەکەی . بەعسی خوێری چەکی دەدا بە کۆمەڵە و حزبی دیموکرات بۆ ئەوەی ئاژاوە لە ئیران دروست بکەن بەو چەکانەی بەعس ئەوانیش یەکتریان قڕ دەکرد . ئاخۆ ئەندامانی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار و حیزبی تودە چەندیان لە ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستان قڕ کرد . ئەی کوا ئەو نووسینانەی دەربارەی سیاسەتی لێک ترازان و رەخنەو رەخنە لەخۆ گرتنانەی کە حزبی دیموکراتی بەو دەردە بردووە . کوا ئەو کەسانەی پەیوەندی داربوون لەگەڵ رژێم بۆ نایەنە وەڵام کە چەندیان یارمەتی بۆ حیزب پەیداکردووە و رۆڵی بەعس لەو پەیوەندی یە چەند بوو . ئەوانەی چەکیان لە بەعس وەردەگرت و کوردی یان پێ دەکوشت بە دڵسۆز و تێکۆشەری کورد خۆیان لە قەڵەم دەدا لە وکەسانە شەریفتربوون کە بیروباوەری تودەیی و پەیرەوانی کۆنگرەی چوارەمیان هەبوو ، ئەوەش دەبێت بکرێتە بابەتێکی زانستی و بە ئینسافانە باسی لێوە بکرێت بۆ ئەوەی لاوی کورد بە شیعاراتی وەهمی فریونەدرێت . هەردوو تێکۆشەران کاک حەمەدەمینی سیراجی و دکتۆر رەحیمی قازی هەشت مادەی یان بردە لای هاشمی رەفسنجانی کە ئەوکاتە سەرۆکی پەرلەمانی ئیران بوو بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کورد بدۆزنەوە ، ئا ئەو کاتەش ئەو بەرێزانە باوەریان بە کوشتن نەبووە کە میللەتی کورد لە پێناوی خودموختاری بکرێتە قوربانی و شاروگوندی کوردستان وێران ببێت . ئەوانە دەیانزانی شۆڕشی بارزانی بەوهەموو هێزەی نەیتوانی بەرامبەر رژێمی بەعسی خوێڕی بە شەڕ دەستکەوتەکانی بەدەست بهینیت بۆیە تا دوا نەفەسی رژێم هەوڵیان دا لەگەڵ دەوڵەت مفاوەزات و دانووساندن بکەن ، حزبی دیموکرات بە سەرکردایەتی قاسملۆ و عەبدوڵلای حەیاکی مۆری خائین و جاشی بەو تێکۆشەرانەوە نا ، ئەی شەهید قاسملۆ لەکاتی گفتوگۆ شەهید نەکرا ئەی لە ڤیەنا لە گەڵ نوینەری [پلەسفری] حکومەتی کۆنەپەرستی ئیران کۆنەبۆوە ئەوەیان ناوی چی لێنرا. قاسملۆی شەهید ئەو تێکۆشەرە ماندوونەناسە بووە خۆراکی سیاسەتێکی فاشیل و تاکرەوی ، بۆ

کۆکردنەوەی هاوڕێ یەکان و دانووساندن لەگەڵ ئەوان بۆ بە هێزکردنی حزبی دیموکرات و بزووتنەوەی رزگاریخوازی لەگەڵ رژێمی کۆنەپەرست و مرۆڤ کوژی ئێران دانیشت . دەبێت ئەو ئەدەبیاتە لە فەرهەنگی کوردی بسرێتەوە و کەس بۆی نەبێت ببێتە دەمراستی ئەو میللەتە بەستەزمانە و بە هەوای خۆی مۆر لە خەڵکی بدات و کەسانی کورد سەر بە دوژمن تاوانباربکات هەر لەبەر ئەوەی لەگەڵ بیروباوەرەکەی ناگونجێ .خەڵکانێکی زۆر لە دەرەوەی حزبی دیموکرات دانیشتوون و لەبەر ئەو سیاسەتە هەڵانەی ناو بەدەنەی حزب وازیان هێناوە و بەشداری ئەو خەباتە ناکەن کە ئەو سەرکردایەتی یە پیادەی دەکات. کزبوونی حزبی دیموکرات خۆ نابیت هەنووکەش بخریتە ئەستۆی حزبی تودە ، کە جاران بەو ئەدەبیاتە خەڵکی کوردیان فریوودەدا . پێوەری نیشتمان پەروەری و بوونی رێبازی سەربەخۆیی خوازی دەبیت لای هەموو کوردێک وەکو یەکتر سەیربکریت جا ئەو کەسە بایی چەند لەو مەسەلەیە گەیشتووە یا پەیرەوی دەکات ئەوە ئازادە لە فیکری خۆیدا .کاک حەمەدەمین و مامەغەنی هەردەم باسی ئەوەیان دەکرد کە بەهۆی یارمەتی حزبی شیوعی عێراق دەتوانن کاربکەنە سەر سیاسەتی حزبی تودە بۆ ئەوەی بە جۆرێکی تر ئاوڕ لەمەسەلەی ڕەوای کورد و کوردستان بداتەوە ، خەباتی ئەوان لەناو حزبی تودە بەردەوامی هەبوو و هەردەم ئەو دەورەیان وازی دەکرد ،ئەو خەباتەی ئەوان بۆ خزمەت کردنی مەسەلەی کورد ئاشکرا و دیار بوو ، کاتێک زانیان ئیتر ناتوانن تەئسیرلەسەر ئەو حزبە دابنێن دەستیان لەکار کشاندەوە و باوەڕیشیان بەوە نەبوو لە ئەوروپاوە حزب ڕەوانەی کوردستان بکەنەوە بۆیە هیچ حزبەکیان دروست نەکرد . ئەو کەسانەی دەیانەوێت مێژوویەکی تریان بخاتە پشت و خەڵکی تریان لێ بکەنە پاڵەوان ئەوا تاقە مەرامی خودی خۆیانە و هیچ لەو باسە ناگۆریت چونکە نزیک بوونی ئەمان لە حزبی شیوعی عێراقی بۆ خەڵکی کورد ئاشکرایە و گەلێک کەس لە ژیانداماوون کە ئاگاداری ئەو کردارانەن .دەکرێت ئەندامانی حزبی و کوردەکانی رۆژهەڵات لە مەلا عەولا پرسیاربکەن باسی هینانی ئەو حەوت مادەیی سەدام حسین بکات ، بوونی حەوت مادەیی سەدام حسین لەناو حزبی دیموکرات دەنگی هەبوو هەروەها ئاشکراش بوو کە مەلا عەولا لە حاجی ئۆمەران چۆن بە هەلیکۆپتەر چووە کەرکوک و ئەو پەیامەی بەعسی بۆ کۆمیتەی مەرکەزی و دەفتەری سیاسی هینا بوو مەلا عەولا دەزانێ خەڵکی لایان ئاشکرا بووە بۆیە ئەو بە نهێنی و ئاشکرا خۆی لەو باسە نادات . دەبوایە لە دارشتنی بیرەوەری یەکانی هەندێک ئەو ڕاستی یانە تۆماربکات و ویژدانی خۆی پاک بکاتەوە ، هەربۆیە ئێستاکەش یادی خومێنی خوێنرێژ لە هۆڵی پێشەوا لە هەولێر دەگیرێت بۆ ئەوەی پێشەوا سووک بکەن مەلا عەولا نقەی لەبەرنایەتە دەر و دژی ئەو کردەوانە قسان ناکات بەڵام لە کاتێکدا هێمنی مەزن و فاروقی کەیخسرەوی و ئەحمەدی قازی هەزاران گەنجیان بەهۆی دەرکردنی گۆڤاری سروە فێرە کوردی نووسین و خوێندەنەوە کرد ئەو زمانی لەدژی یان دەگەڕا ، دەبا مامۆستا باسی ئەوەش بکات حەفت رۆژ لای بەعس گیرساوەتەوە تاوەکو پێیان بڵێت قاسملۆ زۆرکاری هەیە و نەیتوانی بێتە لاتان و ئەو حەفت مادەیەش دەبێت جێ بەجێ بکەن . ئەو رێبازە ببووە کێشەی سەرەکی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار یان نەهێشتنی قاسملۆ بوو لە سکرتیری حیزب کە گوایە تودە دەیویست و مەلا عولا و قاسملۆ پروپاگەندی یان بۆ دەکرد .ئەوە دەبیت بۆ لای خەڵکانی کورد ئاشکرا بکریت و باسی لێوە بکرێت . بۆ ئەوەی ئەزموون لەو شتانە وەربگیریت . دەبیت ئەوانەی رووداوەکان تۆمار دەکەن بە راست و دروستی باسی بکەن . کاک حەمەدەمین سیراجی لە گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزم ژمارە 1 رەزبەر خەزەل وەری 1985 لە لاپەڕە 82 هەتا 123 [بەرنامەی لینینی مەسەلەی نەتەوایەتی و شێوەی بە جێ گەیاندنی وەگیراوە و بەناوی م .آ. رەوەند بڵاوکردۆتەوە . هەروەها لە لاپەرەی 25 هەتا 35 ی ژمارەی 2 خاکە لێوەی 1986 ی هەمان گۆڤاردا بەناوی

[مەحموود ئازاد نوێنەری حیزبی تودەی ئێران راگەیاندنی بڵێسەی شەر دانامرکی ] بڵاوکردۆتەوە . هیوادارم حەسەنی ماوەرانی یا رەزای سیراجی یا مژدەی کچی کاک حەمەدەمین هەوڵ بدەن نووسینەکانی کاک حەمەدەمین سیراجی و بابەتە وەڕگێردراوەکانی و چاوپێکەوتنەکانی کۆبکەنەوە و لە کتابەکی سەربەخۆ بۆی چاپ بکەن بۆ ئەوەی ناوی ئەو تێکۆشەرە شۆڕشگێرە هەر بە زیندیووی بمێنیتەوە و خەڵکی کورد ئاشنایی هەبیت لەگەڵ نووسینەکانی ، ئەو کاتەش بۆ هەمووان ئاشکرا دەبیت کە چەند بە توانا بوو لە بواری نووسین دا.
چەپکە گوڵێک بۆ سەر گڵکۆی کاک حەمەدەمین سیراجی تێکۆشەر و ماندوونەناس .

**فەهد گردەوانی**

**2010/7/7ستۆکهۆڵم**

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**# لە زەڵێ و توژەڵە و نۆکان هاوڕێ یان ئەبوسەرباز ئەحمەد بانیخیلانی و ئەبو ئاسۆس فاتح ڕەسول و مەلاعەلی عەبدوڵڵا قەرەداغی لێپرسراوی ئەو بارەگایانە بوون .**

بەرێز کاک سەعید کوێستانی باسی کاک حەمەدەمین سیراجی و کۆمیتەی ئینقلابی بەو شێوەیە دەکات و منیش دەقی نووسینەکەی ئەوم گواستەوە ئێرە بۆ ئەوەی خوێنەری کورد سوودی لێوە ببینی و هیوادارم کاک سەعیدیش لێم زوێر نەبیت کە بەبێ پرسی ئەو ئەو کارەم کردووە و هەر تەنها مەبەستم ڕوونکردنەوەی راستی یەکان بووە و بەس
{{.....سەر ئەنجام منو هاشم ئەقللول تولاب (قادرشەریف) و حوسین مەدەنی بە نهێنی کۆمیتە ساخکەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان مان پێك هێنا. دوای ئاشکرا بوونی، بەداخەوە ئەوەی کاك سولەیمان پێش بینی کردبوو وەدی هات؛ واتە شکست تا نیزیك بوونەوەی مەرگ وەدی هات. واتە؛ قاچاغبوون لەشۆرشو ئێران وعێڕاق، تەنیا پێوەندی لەگەڵ مرۆڤی دڵسۆزو تێگەیشتووی بەئێمان ماوەیەکی دوورو درێژ توانی هیوادار بە داهاتوو کۆڵمان پێنەدا. ئەوکات خالە مین و شەهید شەریفزادە وسالار لە شاری قەڵادزێبوون. منو شەهید ئاوارەوشەهید هاشم (قادرشریف، لە گەڵ حەمەدەمین سیراجی و کاك سالارو شەهید شەریفزادە هاتووچۆی نهێنیمان هەبوو. دوای کۆنگرەی دووەمی حیزب، من و شەهید ئاوارە وشەهید هاشم گەڕاینەو باشوورو پێوەندی خۆمان لەگەڵ سیڕاجیو شەهیدشەریفزادەوسالار، گەرمترو توندوتوڵترکردو گەیاندمانە بناغەی دروست کردنی (کۆمیتەی ئێنقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستان . دیارە لە بیرەوەریەکانمدا قەوارەی ئەو ڕێکخراوەم خستۆتە روو، سەنناری مامدیش لە بیرەوەریەکانیدانێوی دامەزرێنەرانی نووسیوە، واتە؛ ئەندامانی کۆمیتەی ئینقلابی بە روونی نووسراون کە بناغە دانەرو دامەزرێنەری کۆمیتەی شۆرشگێر بوون. ئێستاش ٣کەس لە دامەزرێنەران ماونو زیندون . ئەو کۆمیتە لە ٧کە س پیك هاتووە کە بریتین :١ـ کاك سەنناری مامدی ٢ ـ کاك محەدئەمین سیراجی ئەقدەم ٣ ـ شەهید سمایلی شەریفزادە ٤ ـ شەهید ئاوارە مەلائەحمەد شەڵماشی ٥ ـ سەعید کویستانی ٦ ـ کاك سالار حەیدەری ٧ ـ مەلاعەبدوللا عەبدوللاهی . کاتی خۆی بەنووسراوە لە پێوەندی نامەییدا شەهید دوکتورقاسملوو کاك کەریم حیسامیش ئاگادار کراون و کاك کەریم لەبیرەوەیەکانی خۆیدا نووسیویەتی. سەیر ئەوەیە ، دوای نووسینی کتێبی پەنجا ساڵەی پڕلە هەڵەی مەلا عەوڵا کە بە

هۆی تەسویە حسابی شەخسی نێوی چەند کەس لە ئەندامانی ئەو کۆمیتەی نە نووسیوەو لە جێگای ئەوان نێوی مەلا ڕەسول پێشنمازو مەلا سمایلی، بە جێگای نێوی واقعی نەقاندوون، دیارە تەنیا هەر ئەو ساختەگییە نییە بەلکوو دیان شتی نەبووی تری ساختەوپەرداختەی بە ئارەزو و هواوهەوەسی خۆی لە نێوکتێبی پەنجا ساڵ خەباتدا گونجاندووە. بەداخەوە کاك جەلیل گادانیش قەوارەی دامەزرێنەرانی کۆمیتەی ئینقلابی لە کتێبی مەلاعەولا کۆپیە کردووەو بە هەمان شێوە گونجاندویەتی . کاتێك لەگەڵ کاك جەلیلم باسکرد کوتی بۆم بنووسە لە داهاتوودا چاکی دەکەم ! دیارە من مەبەستم لە جێگورکێی ئەو نێوانە و گۆڕینی قەوارەی مێژوویی تەنیا لەبەر ڕووداوێکی مێژوویە کە جەعلکردنی بۆ مێژوو شتێکی ناسروشتی و هەروەها درۆ کردنە لە گەڵ خەڵك و بێ ئیعتبارکردن و شێواندنی بەڵگە مێژوویەکانی ملکی کوردە . کاتێك ئەو کتێبەی مەلا عەولا چاپکراو هاتەسوئێد، من میوانی کاك کەریم حیسامی بووم ، کاك حەمەدەمینیش لە ماڵی کاك کریم حیسامی بوو. کاتێك مەسەلەی جەعلی قەوارەی کۆمیتەی ئینقلابی حدك،م لە گەڵ خالەمین باسکرد ، نابراو گوتی: زۆر شت هەیە لە نێو پیستی سەگدا دەگورێ! پرسیم حاڵی نابم، یانی چی کاك حەمەدەمین؟ پێکەنی گوتی : لێیگەرێ کاك سەعید بائەسپی خۆیان تاودەن . بیرەوەری و یاداوەری خاڵەمین زۆرن...}}